
# ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی عێراق ١٢٨

ماوەی کۆکردنەوەی داتا: تشرینی یەکەم-کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

DTM
IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

## دیارخراوەکان

شێوەی ١: ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات




لەوەتەی ٢٠١٤وە، بەشی تۆماری بەدواداچوونی (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق زانیاری لەسەر هاوڵاتیانی ئاواران و گەڕاوان لەڕێگەی تۆڕێک لە کەسانی زانیارییپێدەر لە سەرانسەری عێراق دا کۆدەکاتەوە.[1] بە بەردەوامی داتای لیستی سەرەکی کۆدەکرێتەوە و بەشێوەی ڕاپۆرتی هەر سێ مانگ جارێک دەنێردرێت. داتای ئەم ڕاپۆرتەی ئەم گەڕەی ئێستاش لە ١ی تشرینی یەکەم تا ٣١ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٢ بووە.

### گەڕاوان ٤،٩٨٩،٨٥٢

▲ ١١،١٧٨+

- تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (٤،٩٨٩،٨٥٢) هاوڵاتی گەڕاوەی دەستنیشانکرد لە (٨٣١،٦٤٢) خێزان دا.
- ئەمەش واتە زیادبوونی (١١،١٧٨) گەڕاوە لەوەتەی ڕاپۆرتی گەڕی پێشووەوە (ڕێژەی گۆڕان ٠،٢٪+).
- قەزاکانی موسڵ و بێجی و حەمدانیە بەرزترین ڕێژەکانی گەڕاوەیان بەخۆیانەوە بینی لەوەتەی ڕاپۆرتی گەڕی پێشووەوە.
- ئەم بەرزبوونەوەش لەم قەزایانەدا ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک فاکتەرە، لەوانەش هاندانی ماددی و پاڵپشتی سەرکردە و ڕێبەرە ئاینییەکان بۆ گەڕانەوەیان، چاککردنەوەی خانووەکان و بەرەوپێشچوونی باری ئەمنی و باشتربوونی خزمەتگوزارییەکان. هەروەها هەندێک لەو خێزانانەی هەست سۆزی غەریبیان جوڵاوە بۆ گەڕانەوە، لەوکاتەی هەندێکی دیکەیان لەگەڵ کاتی دەستپێکردنی کۆرس و وەرزێکی دیکەی خوێندنی زانکۆ گەڕاونەتەوە. لەپاڵ ئەوانەش دا، لە قەزای موسیپ دا، تیمی داتای کۆکردنەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دەستیان گەیشتە چەند شوێنێکی نوێی گەڕانەوە و توانیان خەڵکەکەیان وەک گەڕاوە تازە تۆمار بکەن.
- قەزای حەزر-هەترە لە پارێزگای نەینەوادا کەمبوونەوەیەکی کەمی بەخۆیەوە بینی لە ژمارەی گەڕاوان دا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی شکستهێنانی ئەو گەڕانەوانەوە بوو کە پەیوەستبوون بە نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی و دەرفەتەکانی کار بوو لە شارەدێی ئەل تەلال دا.
- ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە ناوچەکانی زێدیان دا دەژین ڕووی لە زیادبوون کردبوو بە ١٠،١٦٤ کەس. هەروەها ٧٢٦ گەڕاوەی دیکەش لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دابوو بە بەراورد بە گەڕی پێشوو، ڕاپۆرتی (١٢٧) کە (٤،٠٪+).

٨٣١،٦٤٢
خێزان
▲ ١،٨٦٣+

٢،٢٠٨
شوێن
▲ ٧+

٩
پارێزگا

٣٩
قەزا

▲▼ گۆڕانکارییەکان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە

### ئاواران ١،١٦٨،٦١٩

▼ ٥،١٩٣-

- تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ١،١٦٨،٦١٩ هاوڵاتی ئاوارەی دەستنیشانکرد لە (٢٠٠،٧٣٨) خێزان دا.
- ئەمەش کەمبوونەوەی ٥،١٩٣ ئاوارەیە لەوەتەی گەڕی پێشووەوە کە (ڕێژەی گۆڕان ٠،٤ ٪-).[2]
- قەزاکانی ناوەندی موسڵ، تکریت و ناوەندی سلێمانی گەورەترین ژمارەی کەمبوونەوەی ئاوارەکانیان تێدابوو.
- ئەم کەمبوونەوە کەمەی ئاواران لەم قەزایانەدا دەدرێتە پاڵ هاوکاریکردنی ماددی ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمەش دا، هەندێک خێزانی دیکە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەمنی توانیان بگەڕێنەوە.
- لەوەتەی گەڕی پێشووەوە، قەزاکانی ڕوومادی، شێخان و سێمێل گەورەترین ژمارەی بەرزبوونەوەی ئاوارانیان بەخۆوە بینی. پێدەچێت تێکەڵەیەک لە ئاوارەبوونی دووەمی ولاوەکی لەگەڵ ئەو گەڕانەوانەی کە شکستیان هێناوە پاڵنەری سەرەکی بەرزبوونەوەی ژمارەی ئاوارانی قەزاکانی شێخان و سێمێل بوویێت.
- ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین ٤٤٤ کەس کەمیکرد بە بەراورد بە گەڕی پێشوو (٤،٠-٪).

٢٠٠،٧٣٨
خێزان
▼ ٨٧٦-

٢،٦٩٤
شوێن
▼ ٣٥-

١٨
پارێزگا

١٠٤
قەزا

▲▼ گۆڕانکارییەکان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە

١. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕێباز و میتۆدی لیستی سەرەکی، تکایە بڕوانە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە دایە.
٢. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێژەی گۆڕانی حاڵەتەکانی ئاواران و گەڕاوان، تکایە بڕوانە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە.

# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

شێوەی ٢: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوەی ئاواران

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٪٧٦ شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت ٨٨٤,٦٥٨ | ٪١٥ مخیّمات[٣] ١٧٩,٠٤٥ | ٪٩ شوێنی نیشتەجێبوونی زۆر خراپ ١٠٤,١٥٤ | ٪١> نەزانراو ٧٦٢ |

## تێکڕای هەڵبەز و دابەزینەکان

لەماوەی ڕاپۆرتی گەڕی ١٢٨دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (١,١٦٨,٦١٩) ئاوارەی دەستنیشانکرد، (٢٠٠,٧٣٨) خێزان. ئەمەش کەمبوونەوەی (٥,١٩٣) کەسە بە بەراورد بە گەڕی پێشوو کە لەماوەی حوزەیران-ئەیلولی ٢٠٢٢ بوو بە (-٠,٤٪). کەمبوونەوەی ووردەی ژمارەی ئاوارەکان لەوەتەی ڕاپۆرتی کۆتا گەڕی لیستی سەرەکی پەیوەستە بەو بەربەستە گەورانەی کە ڕووبەڕووی ئاوارەکان دەبێتەوە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی زێد. هەروەها، زۆربەی هەرزۆریشیان نیشتەجێی ئاوارەبوونی درێژخایەنن (٩٨٪).

زۆرترین کەمبوونەوەش لە ژمارەی ئاوارەکان لە قەزاکانی ناوەندی موسڵ لەپارێزگای نەینەوا لە پارێزگای سەڵاحەددینە (-١,٠٣٧)، تکریت لە پارێزگای سەڵاح ددین (-٦٩٠) و قەزای ناوەندی سلێمانی لە پارێزگای سلێمانی بە (-٦٦٧) تۆمارکرا. ئەم کەمبوونەوە کەمەی ژمارەی ئاوارەکانیش لەم قەزایانەدا بەهۆی هۆکارەکانی وەک پێدانی هاوکاری ماددی بەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە. هەندێکی دیکە لە خێزانەکان دوای پێدانی لارینەبوونی ئەمنی دەسەڵاتداران توانیان بگەڕێنەوە. لەبەرانبەردا، بەرچاوترین زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکانیش لە قەزاکانی ڕوومادی پارێزگای ئەنبار بە (+٨٧٠)، ئینجا قەزای شێخان لەپارێزگای نەینەوا بە (+٤٤٠) و پاشانیش قەزای سێمێل لەپارێزگای دهۆک بە (+٤٠٤) بەدیکرا. پێدەچێت ئەم زیادبوونەی ژمارەی ئاوارانیش لە قەزاکانی شێخان و سێمێل جا ڕەنگدانەوەی ئاوارەبوونی دووەمی و لاوەکی یان گەڕانەوە شکستخواردووەکان بێت. لە قەزای ڕوومادیش، بەرزبوونەوەی ژمارەی ئاوارەکان دەدرێتە پاڵ دیاریکردنی ئاوارەبوونی خێزانیی چەند خانەوادەیەکی تازە کە تا بەر لەئاوارەبوونیان لە قازاکانی زێدیان دا دەژیان.

## جوڵە و جموجۆڵی ئێستای ئاوارەکان

سەرەڕای کەمبوونەوەی تێکڕای ژمارەی ئاوارەکان لە سەرانسەری عێراق دا، (٧,٧٧٠) ئاوارەی تازە هاتوو تۆمارکران لەم گەڕەی،١٢٨، ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی دا (٠,٧ ٪ حاڵەتەکان). ئەمەش (٢٧٦) هاوڵاتی دەگرێتەوە کە بۆ یەکەمین جارە ئاوارە دەبن، (٥,٩٧٠) هاوڵاتیش کە لە شوێنێکی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتوون (ئاوارەبوونی دووەمی).هەروەها (١,٤٥٤) گەڕانەوەی شکستخواردووش لەم گەڕەدا تۆمارکرا. لەنێو ئەو هاوڵاتیانەی کە دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی زێدیان ئاوارەبوونەوە، نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و دەرفەتەکانی کاروکاسبی لە پاڵنەر و هۆکارە سەرەکییەکان بوون.

| سێ سەرەکیترین قەزای کە ئاوارەبوونی نوێیان بەخۆیانەوە بینیووە | | | |
|---|---|---|---|
| قەزا، پارێزگا | ئاوارەبوون بۆ یەکەمین جار | ئاوارەبوون بۆ دووەم جار | گەڕانەوەی شکستخواردوو |
| سلێمانی، سلێمانی | ٨٤ | ١,٤٢٧ | ٦٠ |
| سێمێل، دهۆک | ٠ | ٤٧٧ | ٦٩٠ |
| هەولێر، هەولێر | ٠ | ٦٣٠ | ٠ |

## جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون

نزیکەی سێ لەسەر چوار ئاوارەکانی نیشتەجێی شوێنە تایبەتەکان (٧٦٪ هاوڵاتیان کە ٨٨٤,٦٥٨ کەسن)، دوای ئەوەش لە ١٥٪ی ئاوارەکانی دانیشتووی کامپەکان کە (١٠٤,١٥٤). ڕاپۆرتی ئەم گەڕە، ١٢٨، ژمارەی ئاوارەکانی نیشتەجێی شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ کەمێک کەمیکردووە بە (-٤,٤٣٤) ئینجا ئاوارەکانی دانیشتووی شوێنە تایبەتەکان بە (-٤٤٤) کەمیکردووە.

### شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ[٤]

لەوانەیە ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین ڕووبەڕووی زەحمەتی و ئاڵنگاری بنەوە، لەوانەش کەمی دەستگەیشتن بە کاروکاسبی بژێوی ژیان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان. لەوەتەی گەڕی پێشووەوە، ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنەی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە لە قەزاکانی فەللوجەی ئەنبار بە (٤٥٦)، ڕەسافە (-٣٩٠) کەس، قەزای ناوەندی موسڵ (-٣٣٦). لەبەرانبەردا، ژمارەی دانیشتووانی ئاوارەکانی شوێنەی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ زیادیکردووە لە قەزاکانی ڕوومادی بە (+٩٦٠)، خانەقین بە (+٢١٦)، محمودیە (+١٠٨) و سامەڕا بە (+١٠٨) کەس.

شێوەی ٣: ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لەشوێنی حەوانەوەی زۆرخراپ دا بەپێی ١٠ سەرەکیترین قەزای ئاوارەبوون


| قەزا | پارێزگا | ژمارە | گۆڕانکاری |
|---|---|---|---|
| سێمێل | دهۆک | ١٦,٥٣٠ | ▼ -٢٤٠ |
| کەرکووک | کەرکووک | ١١,٣٩٤ | ▲ +٣٠ |
| الموصل | نەینەوا | ٦,٩٣٠ | ▼ -٣٣٦ |
| شنگاڵ | نەینەوا | ٤,٠٢٦ | ▼ -٦٠ |
| زاخو | دهۆک | ٢,٢٢٦ | ▼ -٦٠ |
| شێخان | نەینەوا | ١,٣٥٦ | ▼ -١٨ |
| هەولێر | هەولێر | ٩٠٠ | ٠ |
| دهۆک | دهۆک | ٨٥٨ | ▼ -١٨ |
| ئاکرێ | نەینەوا | ١٦٨ | ▼ -١٢ |
| سلێمانی | سلێمانی | ١٣٢ | ٠ |

▲▼ گۆڕانکارییەکان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە

## ناوچەکانی زێدی ئاوارەکان

نزیکەی سێ لەسەر پێنجی حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارەکان لە بنەڕەتدا هی پارێزگای نەینەوان بە (٦٥٥,٢٥٣)، زۆربەشیان هی قەزای ناوەندی موسڵن بە (٢٤١,٤١٣)، پاشان شنگال بە (١٨٢,٦٠٣)، ئینجا هی بەعاج بە (١٠٣,٩٢٨) ئاوارە.

شێوەی ٤: ژمارەی ئاوارەکان بەپێی ١٠ سەرەکیترین قەزای زێد





| | موسڵ (نەینەوا) | شنگال (نەینەوا) | بەعاج (نەینەوا) | تەلعفەر (نەینەوا) | ڕوومادی (ئەنبار) | فەللوجە (ئەنبار) | موسەیب (بابل) | حەویجە (کەرکووک) | تورخورماتوو (سەلاحەددین) | خانەقین (دیالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ● لیستی سەرەکی ١٢٨ | ٢٤١,٣١٨ | ١٨٢,٦٠٣ | ١٠٣,٩٢٨ | ٧١,٥١٢ | ٦٢,٨٩٧ | ٤٤,٣١٢ | ٤٣,٩٢٨ | ٤١,٩٧٢ | ٣٤,٩١٧ | ٣٠,٤٤٤ |
| ● لیستی سەرەکی ١٢٧ | ٢٤٥,٦٧٧ | ١٨١,٩٢٧ | ١٠٣,٤١٣ | ٧٢,٩٤٨ | ٦٢,٥٧٣ | ٤٤,٤٥٣ | ٤٤,٤٦١ | ٤٣,٨٢٨ | ٣٥,٠٤٩ | ٣٠,٣٣٩ |


٣. تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) داتا لەسەر ژمارەی خێزانە ئاوارەکانی هەر شوێنێک کۆدەکاتەوە. بۆ کامپەکان، لە ڕێگەی لێکدانی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٥ ئەندام مەزەندە دەکرێت (تێکڕای ژمارەی ئەندامانی خێزانە عێراقییەکان).


٤. بۆ شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپی ئاوارەکان، لەوانە بینا و باڵەخانەی نەشیاو بۆژیان، خانوو، خێمە، کارەڤانە، خانووی کاتی، خانووی خشت و قوڕ و بینا و باڵەخانەی تەواو نەکراو و جێهێڵدراو، بینا و باڵەخانەی گشتی، یان شوێنی بەیەکەوەبوونی بەکۆمەڵی وەک بینا و شوێنە ئاینییەکان و بینای قوتابخانەکان دەگرێتەوە.


ئەم هێڵکاری و گرافانەی خوارەوەهەشت پارێزگای پێشوازیکەر و لەخۆگری گەورەترین ژمارەی ئاوارەکان نیشاندەدەن. لەگەڵ ئەمەش دا، ئەو گۆڕانانە نیشاندەدەن کە لەوەتەی گەڕی پێشووەوە و لە ژمارەی ئاوارەکان دا ڕوویانداوە، هەروەها نیشاندانی ئەو قەزا سەرەکیانەی کە ئاوارەکانیان تێدا نیشتەجێن و پارێزگا سەرەکییەکانی زێد. بۆ بینینی خستنەڕوویەکی گشتی قەزاکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە لە سەرانسەری عێراق دا، تکایە بڕوانە قەزاکان لەسەر نەخشەی ئاوارەبوون.


شێوەی ٥: پارێزگا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون، قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوونی ئەو پارێزگایانە و پارێزگاکانی زێد





















▲▼ گۆڕان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە


شێوەی ٦: قەزا سەرەکییەکانی زێد بەرانبەر قەزاکانی ئاوارەبوون




نەخشەی ١: قەزاکانی زێدی ئەو هاوڵاتیانەی ئێستا لە ئاوارەییدان



نەخشەی ٢: قەزاکانی ئاوارەبوونی ئەو هاوڵاتیانەی ئێستا لە ئاوارەییدان



# خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوە

شێوەی ٧: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوەی گەڕاوان

%٩٦
زێدی نیشتەجێبوون
٤,٧٧٤,٣٣٢

%٤
شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ
١٩٠,٨٠٠

<%١
شوێنی حەوانەوە تایبەت
١٤,٥٠٢

## تێکڕای هەڵبەز و دابەزینەکان

لەماوەی گەڕی ١٢٨ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) دەستنیشانی (٤,٩٨٩,٨٥٢) گەڕاوەی دەستنیشانکرد لە (٨٣١,٦٤٢ خێزان). ئەمەش زیادبوونی (١١,١٧٨) گەڕاوەیە بە بەراورد بە ڕاپۆرتی گەڕی پێشوو لەماوەی نیسان-حوزەیران دا (+٠,٢%). دەکرێت ئەم ڕێژە هێواشەی گەڕانەوەش بە نەبوونی دەرفەتەکانی کاروکاسبی و نەبوونی خانوو لە شوێنی زێد و هەروەها هەبوونی ئەمن و ئاسایشێکی باشتر لە ناوچەی ئاوارەبوون ڕوونبکرێتەوە.[5] ڕێژەی گەڕانەوە لەسەرانسەری وڵات[6] لە%٨١ە، کە ئەمەش هاوتایە بە ڕێژەی گەڕی پێشوو.

## جوڵە و جموجۆڵەکانی ئێستای گەڕانەوە

لەسەر ئاستی قەزا، قەزاکانی موسەیب، نەینەوا (+١,٨٦٠)، بێجی (+١,٨٣٦) و حەمدانیە (+١,٢٧٢) لەو قەزایانەی بوون زۆرترین زیادبوونی گەڕانەوەیان هەبوو بە بەراورد بە گەڕی پێشوو. ئەمەش بەهۆی هۆکارەکانی وەک هاندان و پاڵپشتی سەرکردە ڕێبەرە ئاینییەکان، نۆژەنکردنەوەی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون بەرەوپێشچوونی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەی زێد. هەروەها هەندێک لەو خێزانانەی هەست سۆزی غەریبیان جوڵاوە بۆ گەڕانەوە، لەوکاتەی هەندێکی دیکەیان لەگەڵ کاتی دەستپێکردنی کۆرس و وەرزێکی دیکەی خوێندنی زانکۆ گەڕاونەتەوە. لەبەرانبەر دا، قەزای هەترە (-١٠٢ کەس) لە ژمارەی گەڕاوان کەمیکردووە بەهۆی نەبوونی دەرفەتەکانی کاروکاسبی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ناوچەکانی زێد دا.

### هاتووان لە کامپەکانەوە

ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لەکامپەکانەوە هاتوون لەماوەی گەڕی (١٢٨) دا زیادیکردووە بە بەراورد بەگەڕی ١٢٧، کە (لە ٦٤٨ هاوڵاتیەوە بووەتە ١,٢٩٦ هاوڵاتی). قەزا سەرەکییەکانی هاتووان لە کامپەکانەوە بریتین لە شەرگات لە پارێزگای سەڵاحەددین (٢٤٠ هاوڵاتی) و قەزای ناوەندی موسڵ و قەزای شنگال لە پارێزگای نەینەوا هەریەکەیان بە (٣٦٠) و (١٥٠) هاوڵاتی، قەزای مخمور لە پارێزگای هەولێر بە (١٤٤) هاوڵاتی.

### شوێنی بێ گەڕانەوە

لەم گەڕە کە ١٢٨ە، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (٣١٢) شوێنی دەستنیشانکردووە کە هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیووە. لەم ژمارەیەش دا شەش شوێنی تازە دەستپێکەیشتووی تێدایە کە چورایان لە پارێزگای دیالە و دووانیان لە پارێزگای هەولێرن. هۆکارە پاڵنەرەکانی نەبوونی گەڕانەوەش لەو شوێنانەدا بریتین نیگەرانی ئەمنی کە زۆربەی لە هێرشەکانی داعشەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕووخانی شوێنی نیشتەجێبوون و ڕێگری لە گەڕانەوە کردن لەلایەن لایەنە ئەمنییە جۆراجۆرەکانەوە، وەک حەشدی شەعبی و هێزە ئەمنییەکانی عێراق.

دوای ئەوەی تیمی داتای کۆکردنەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دەستیان گەیشتە ئەو شوێنانە لە قەزای موسەیب-ی پارێزگای بابل و چەند خێزانێکیان دەستنیشانکرد کە لەدۆخێکی ژیان گوزەرانی زۆر سەخت و دژوار دابوون، ئیتر ئەو شوێنانە لە لیستی شوێنە بێ گەڕانەوەکان دەرهێنران.

### گەڕانەوە شکستخواردووەکان

لەم گەڕەدا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (١,٤٥٤) هاوڵاتی تۆمارکرد کە لەگەڕانەوەیان بۆ ناوچەی زێد شکستیان هێنابوو. ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو زیاترە لەوەی کە لە گەڕی پێشوو لە حوزەیران-ئەیلولی ٢٠٢٢ دا کۆکرابۆوە کە، (٨٢٩) هاوڵاتی بوون لەگەڕانەوەیان شکستیان هێنابوو. نزیکەی سێ لەسەر چواری (%٧٢)ی گەڕانەوە شکستخواردووەکان لە قەزای شنگال، پارێزگای نەینەوا بوون. یەک لەسەر سێی گەڕانەوە شکستخواردووەکانی دیکە (%٢٣) دابەش دەبنە سەر هەردوو قەزای حەویجە (%١٣) و بەعاج لە (%١٠). گەڕانەوە شکستخواردووەکان زۆربەیان بەهۆی ناسەقامگیری پەیوەست نەبوونی خزمەتگوزاری گشتییە و دارمان و خاپووربوونی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونیان.


## جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە

زۆربەی گەڕاوەکان (%٩٦)یان لەناوچەکانی خۆیان نیشتەجێن، لەوکاتەی لە%٤ەکەی دیکە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دان. بە بەراورد بە گەڕی پێشوو، (١٠,١٦٤) گەڕاوە لە ناوچەکانی زێدیان دا دەژین (+%٠,٢) و (٧٢٦) شیان لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان (+%٠,٤).

### شوێنی حەوانەی زۆر خراپ[7]

دوابەدوای هەڵسەنگاندنی شوێنە تازەکان، پارێزگای بابل زۆرترین ڕاددەی زیادبوونی ئەو گەڕانەوانەی بەخۆیەوە بینی کە لەشوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە کە (+٢٤٠) گەڕاوەبوون، پارێزگای نەینەواش دووەم بەرزترین ڕاددەی ئەو گەڕاوانەی بەخۆیەوە بینی کە زۆرترینیان لە قەزاکانی ناوەندی موسڵ (+١٤٤)، تلکێف (+٧٨) و بەعاج (+٣٠) بوون. وێنەکە لە پارێزگای سەڵاحەددین تێکەڵترە، لەبەرئەوەی گەڕاوانی قەزای فارس لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دان (٦٦٠) هاوڵاتی، لەگەڵ ئەوەش دا ژمارەی گەڕاوان لە قەزاکانی بێجی و خورماتووی زیادیکردووە هەریەکەیان بە (+٣٩٦) و (+١٩٢).

شێوەی ٨: ڕێژەی گەڕانەوە بەپێی ١٠ سەرەکیترین قەزای زێد



| | موسڵ (نەینەوا) | ڕوومادی (ئەنبار) | فەللوجە (ئەنبار) | تەلەعفەر (نەینەوا) | شنگال (نەینەوا) | حەویجە (کەرکووک) | بەعاج (نەینەوا) | خانەقین (دیالە) | توز خورماتوو (سەڵاحەددین) | موسەیب (بابل) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی گەڕانەوە | %٤ | %٦٤ | %٧٨ | %٣٥ | %٨٠ | %٤٠ | %٨٤ | %٩٣ | %٩١ | %٨٢ |
| ئاوارەکانی قەزاکان | ٢٤١,٣١٨ | ٦٢,٨٩٧ | ٤٣,٩٢٨ | ٧١,٥١٢ | ١٨٢,٦٠٣ | ٤١,٩٧٢ | ١٠٣,٩٢٨ | ٣٠,٤٤٤ | ٣٤,٩١٧ | ٤٤,٣١٢ |
| گەڕاوان | ١,٠٧٣,١٧٨ | ٦٠٢,٣٣٤ | ٥٧٢,٥٣٨ | ٣٦٤,٠٦٨ | ١٢٢,١٨٤ | ١٧٣,٢٦٨ | ٥٦,٠٨٨ | ١٠٤,٩٨٢ | ٦٠,٨٦٤ | ١,٨٦٠ |


٥. داتا سێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٧ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ


٦. ڕێژەی گەڕانەوە بریتییە لە دابەشکردنی ژمارەی گەڕاوان بەسەر پارێزگا بەپێی کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوان و ئەوانەی کە لە بنەڕەت دا لەو پارێزگایە ئاوارەبوون.


٧. بۆ شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپی گەڕاوان، لەوانە بینا و باڵەخانەی نەشیاو بۆژیان، خانوو، خێمە، کارەڤانە، خانووی کاتی، خانووی خشت و قوڕ و بینا و باڵەخانەی تەواو نەکراو و جێهێڵدراو، بینا و باڵەخانەی گشتی، یان شوێنی بەیەکەوەبوونی بەکۆمەڵی وەک بینا و شوێنە ئاینییەکان و بینای قوتابخانەکان دەگرێتەوە.


ئەم گراف و هێلکاریەی خوارەوە ئەمانە نیشان دەدات: ١. ژمارەی گەڕاوان لە هەموو پارێزگاکان دا، ٢. ئەو قەزا سەرەکیانەی کە گەڕاوەکان تیایاندا نیتشەجێن،٣. ڕێژەی گەڕانەوە بەپێی هەر پارێزگایەک، ٤. ئەو پارێزگایانەی کە کۆتا جار گەڕاوان لێیەوە ئاوارەبوون. بۆ خستنەڕوویێکی گشتی قەزاکانی گەڕانەوە لەسەرانسەری عێراق دا، تکایە بڕوانە قەزاکانی گەڕاوان لە نەخشەی گەڕانەوە.


شێوەی ٩: پارێزگا سەرەکییەکانی گەڕانەوە و قەزا سەرەکییەکانی گەڕانەوەی ئەو پارێزگایانە و ئەو پارێزگایانەی کە کۆتا جار گەڕاوان لێیەوە ئاوارەبوون





















ڕێژەی گەڕانەوە

نەخشەی ٣: قەزاکانی گەڕانەوە



نەخشەی ٤:ناوچە بێگەڕانەوەکان



# ڕێبازی ڕاپۆرت

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) چاودێری ئاواربوون دەکات و زانیاری دەربارەی هاوڵاتیانی ئاوارە و گەڕاوان لە عێراق دا دەخاتە بەردەست. تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی (IOM) داتا کۆدەکەنەوە کە خۆی لە زیاتر لە ٨٠ کارمەند دەبینێتەوە لەسەرانسەری عێراق دا بڵاوبوونەتەوە. کۆکردنەوەی داتای گەڕی ١٢٨ لەماوەی نێوان تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ بوو لەسەرانسەری ١٨ پارێزگادا.

داتای لیستی سەرەکی ئاواران و لیستی سەرەکی گەڕاوان لەڕێگەی تۆڕێکی فراوان و تەواو دامەزراوی زیاتر لە ٩٥٠٠ زانیاری پێدەر کە ئەوانیش نوێنەر و سەرکردەکانی کۆمەڵگە، موختار، دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان و هێزە ئەمنییەکانن کۆدەکرێتەوە. زانیاری دیکە لە داتای تۆمارکراوی حکومەتی و ئاژانسە هاوبەشەکان وەردەگیرێت.

تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی داتای لیستی سەرەکی کۆدەکاتەوە و ڕاپۆرتی سێ مانگ جارێکی لەسەر ئامادەدەکات. ئەگەرچی سنووردراربوونی دەستگەیشتن بەهۆی کێشە و گرفتە ئەمنییەکان و بەربەستەکانی دیکە دەتوانێت کار بکاتە سەر کارەکانی کۆکردنەوە داتاکان. جیاوازی و هەمەجۆریەتی لە فیگەر و شێوەکانی نێوان ڕاپۆرتەکان بەدیدەکرێت، سەرەڕای هەبوونی جیاوازی و هەمەجۆریەتیش لە خودی فیگەر و شێوەکانی دانیشتووان، کە لەوانەیە لەلایەن هۆکاری دیکەوە کاری تێکرابێت، لەوانەش: بەردەوام دەستنیشانکردنی ئەو چین و توێژ و گروپانەی کە پێشتر ئاوارەبوون، هەروەها تێخستنی داتاکانی ئاوارەبوونی دووەمی هەر لەناو عێراق دا.

هاوڵاتیانی ئاوارەبوو داتایان لە ڕێگەی پرۆسەی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، ڕووپێوکردن و پێوانەکردن و ڕەوایەتی بوون کۆدەکرێتەوە و دەستنیشاندەکرێن. ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتەدارە خۆجێییەکان دەکات تا بەردەوام لەیەک تێگەیشتنێکی دروست و هاوبەشییان سەبارەت بە ئاوارەبوون لە تەواوی عێراق دا هەبێت.

## حسابکردن و ژماردن بۆ دیاریکردنی ژمارەی کەسەکان بە کارهاتووە

ژمارەی کەسەکان لە ڕێگەی لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ کەس دیاریکراوە و هەژمارکراوە، کە ئەمەش ژمارەی تێکڕای هەر خێزانێکی عێراقیە بە پێی ئاماری حکومەت، ئەم حسابکردن و ژماردنەش بۆ هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کامپەکان بووە. لەوەتەی ماوەی مانگەکانی تەمموز و ئابی ٢٠٢٠ەوە (گەڕی ١١٧)، ژمارەی ئەو کەسانەی ناو کامپ لەڕێگەی لێکدانی لە ژمارە ٥ بۆ هەر خێزانێک حسابکراوە ٨، کە ئەم داتایە هاوتایە بە قەبارەی خێزانی بە پێی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ەوە.

## ڕێژەی گۆڕانەکان لە نێوان حاڵەتەکانی ئاواران و گەڕاوان دا

گۆڕانی ڕێژەی حاڵەتەکانی ئاواران و حاڵەتەکانی گەڕاوان لەوانەیە بەهۆی چەند هۆکار و فاکتەرێکەوە بێت. یەکەم، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) بەردەوامە لە تۆمارکردنی خێزانانەی کە بۆ یەکەمین جارە ئاوارە دەبن، ئەو خێزانانەی کە شوێنی دیکەی ئاوارەبوونەوە دێن (ئاوارەبوونی دووەمی) و ئەو خێزانانەی کە بەهۆی شکستهێنانیان لە گەڕانەوەیان ئاوارەبوون (گەڕانەوەی شکستخواردوو). هەروەها لەبەرئەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ئاواران و گەڕاوان لەسەر ئاستی ژمارە خێزان هەژماردەکات، هاوسەرگیری و گۆڕانەکانی دیکەی ناو خێزان کاردەکاتە سەر قەبارە و ژمارەی حاڵەتەکان. سەرەڕای ئەمانەش، لەوانەیە هەندێک لە خێزانەکان لە هەردوو حاڵەت دا هەژمار بکرێن ئەگەر أ- بەشێک لە خێزانەکە هەر لە ئاوارەیی مابنەوە و بەشێکیشی گەڕابنەوە، ب-لەوانەیە خێزانەکە لەنێوان ناوچەی ئاوارەبوون و ناوچەی گەڕانەوە هاتووچۆ بکەن و بچن و بێنەوە. لە کۆتاییشدا، ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی دەژین دەستگەیشتن پێیان ئاسان نییە، لەبەر هۆکاری ئەمنی، لەوانەیە هەژمار نەکرێن، بەڵام کاتێک دەگەڕێنەوە، ئەوا لەوانەیە لەگەڵ حاڵەتەکانی دیکەی گەڕانەوە هەژمار بکرێن.

## جیاوازییەکانی نێوان ماوەی ڕاپۆرتەکان

لیستی سەرەکی بەشێوەی هەر سێ مانگ جارێک دەردەچێت. ئەگەرچی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ەوە، هەر ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی (١٢٠،١٢١ و ١٢٣) ماوەی دوومانگیان لەخۆ گرتووە، کە لەوانەیە کاریگەری بکاتە سەر بەراوردکردنی ڕاپۆرتەکانی گەڕەکان لەگەڵ یەکتری.

## گۆڕانکارییەکانی زاراوەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون

لە وەتەی گەڕی (١٢٢)ەوە، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون هەندێک گۆڕانکاری لە لە زاراوەکانی جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون دا کرد بۆ ڕێکخستن و گونجانە لەگەڵ و تێبینی تەکنیکی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لە عێراق دا لەسەر پێناسەی شوێنە نافەرمییەکان لە عێراق دا (ئەیلولی ٢٠٢٠)، تکایە بڕوانە پێناسەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لە فەرهەنگۆکە کەدا.

| فەرهەنگۆک | |
|---|---|
| شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ | بۆ شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپی گەڕاوان، ئەم جۆرە شوێنی حەوانەوە نیشتەجێبوونانە دەگرێتەوە لە ناوچەی زێد بینا و باڵەخانەی نەشیاو بۆژیان، خانوو، خێمە، کارەڤانە، خانووی کاتی، خانووی خشت و قوڕ و بینا و باڵەخانەی تەواو نەکراو و جێهێڵدراو، بینا و باڵەخانەی گشتی، یان شوێنی بەیەکەوەبوونی بەکۆمەڵی وەک بینا و شوێنە ئایینییەکان و بینای قوتابخانەکان دەگرێتەوە.<br><br>بۆ ئاوارانیش هەمان ئەو شوێنانەی کە لەپەڕاگرافی پێشوو بۆ گەڕاوان باسکران جگە لە ناوچەی زێد، هەروەها ئەو شوققە و خانووانەی کە هی خۆیان نین یان بۆ ژیان شیاو نین و چۆڵن. |
| گەڕانەوی شکستخواردوو | ئەو هاوڵاتیانەی کە لە ناوچەکانی زێدیانەوە دێن دوای ئەوەی کە لە گەڕانەوەیان شکستیان هێنا. |
| ئاوارە/ئاوارەی ناوخۆیی | بۆ هەڵسەنگاندنەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)، هەموو ئەو هاوڵاتییە عێراقیانەی کە ناچار بە هەڵاتن کراون لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەدواوە و تا ئێستاش هەر لە ئاوارەیی دان هەر لەناو سنووری عێراق دا لە کاتی ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندنە. |
| شوێن | ناوچەیەک کە هاوتای گوندێک یان ناوچەیەکی لادێییە یان هاوتای گەڕەکێکە لە ناوچەی شاریی (بەمانایەکی دیکە، چوارەمین دابەشبوونی ئیداری). |
| شوێنی بێ گەڕانەوە | شوێنێک کە ئاوارەبوونی بەخۆیەوە بینیووە و هاوڵاتیان لێیەوە ئاوارەبوون  لە شەڕە وململانێی نێوان ٢٠١٤-٢٠١٧ لەگەڵ داعش دا بەڵام تا ئێستا هیچ گەڕانەوەیەکی لێ تۆمار نەکراوە یان هەموو گەڕاوەکان دووبارە ئاوارەبوونەتەوە دوابەدوای گەڕانەوەیان. |
| شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی تایبەت | بۆ ئاواران و گەڕاوان، ئەمانە دەگرێتەوە: هۆتێل، مۆتێل، خانوو و خێزانی خانەخوێ یان شوققە و خانوو کە هی خۆیان نییە. بۆ ئاوارانیش، موڵکی خۆیان دەگرێتەوە. |
| ئاوارەبوونی درێژخایەن | ئاوارەبوونێک کە زیاتر لە سێ ساڵی خایاندووە. لەبەرئەوەی داتای ئاوارەبوون لەسەر شێوەی (شەپۆڵەکان)ی ئاوارەبوون لە ماوەی چەندان مانگ کۆدەکرێتەوە. ئاوارەبوونێک کە پێش کانوونی دووەمی ٢٠١٩ ڕوویداوە بە درێژخایەن دادەنرێت.[٧] |
| ڕێژەی گەڕانەوە | بەکاردێت بۆ خەمڵاندنی ڕێژەی گەڕانەوەی دانیشتوان بۆ قەزای زێد و بە ڕێژەی گەڕاوان هەژماردەکرێت لە هەر قەزایەک دا لەبەرانبەر کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوان و ئاوارەبووان لەو قەزایەدا. |
| زێدی نیشتەجێبوون | تەنیا بۆ گەڕاوان، ئاماژە بە شوێنی نیشتەجێبوونی بەر لە ئاوارەبوونیان دەکات. |
| گەڕاوان | بۆ هەڵسەنگاندنەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) هەموو ئەوانەی کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە ئاوارەبوون و گەڕاونەتەوە شوێنی زێدیان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بۆ ناوچەی زێدی پێشوویان گەڕاونەتەوە یان جۆری شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونیان گۆڕیووە. پێناسەی گەڕاوان پەیوەندی بە پێوەری گەڕانەوە بە شێوەیەکی سەلامەت، شکۆمەند و تەنانەت بە ستراتیژیەتی دیاریکراوی دڵنیابوونەوەی لە گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکانەوە نییە. |
| ئاوارەبوونی دووەمی | ئەو هاوڵاتیانە دەگرێتە کە زیاتر لە جارێک ئاوارەبوون و لە شوێنێکی دیکەی ئاوارەبوونەوە ئاوارەبوون. |

٨. بەر گەڕی ١١٧ لیستی سەرەکی، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون ژمارەی کەسانی نێو کامپەکان لە لێکداین هەر خێزان بە ٦ هەژماردەکرد.

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان ٢)، ناوچەی نێودەوڵەتی

iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

@IOMIraq


### ئەستۆپاکی

مەرج نییە ئەو دیدو بۆچوونانەی کە لەم ڕاپۆرتە دا خراونەتەڕوو ڕەنگدانەی دیدو بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. دابەشکردنی شوێنەکان و خستنەڕووی کەرەستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، هەر چیەک بن، مانای گەیاندن و دەربڕینی هیچ بیروبۆچوونێک ڕێکخراوی (IOM) نایەن سەبارەت بە باری یاسایی هەر وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان سەبارەت دەسەڵاتداران، یان دەربارەی سنوور و مەوداکانەوە.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بە تیمەکە بکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom.int


ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سوپاسی نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچ (PRM) ی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ پاڵپشتییە بەردەوامەکانی. هەروەها ڕێکخراوی (IOM) سوپاسی خۆی ئاڕاستەی ئەندامانی تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندنی (RARTs) ی ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق دا دەکات بۆ ئەو کارەی دەیکەن لە کۆکردنەوەی داتا، کە زۆرجار لە هەلومەرجی زۆر دژواردا ئەو کارە دەکەن، هەوڵ وکۆششە ماندوونەناسەکانیان بنچینەی ئەم ڕاپۆرتەیە.



ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٣

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.